# هەواڵنامەی

www.yndk.com

27-3-2003

# ٨مەڕداری کورد لەلایەن رژێمەوە بێ سەروشوێن دەکرێن

مەخموور٢٦-٣-٢٠٠٣\رۆژی ٢٣-٣ رژێمی داگیرکەری عێراقی ٨ مەڕداری کوردی گوندی (ئاودەلۆك)ی لە ناو زوورگی دیبەگە دستگیرکرد,بەو بیانووەی کە پەیوەندییان لە گەڵ هێزی پێشمەرگەدا هەیە .
شایانی باسە ئەو ٨ مەڕدارە هەردوای دەستگیرکردنەکەیان یەکسەر گواسترانەوە بەڕێوەبەرایەتی ئەمنی موسڵ و تائێستاش بێ سەروشوێنن و چارەنووسیان دیار نییە.گومانی ئەوەش دەکرێ کە ئەوانیش وەك ١٦ کەسەکەی کەرکووك لەسێدارەدرابن,هەر لەبەر ئەوەش بنەماڵەی ئەو ٨ مەڕدارە کە لەمەخموور نیشتەجێن پڕبووە لە گریان و واوەیرۆ.

# رژێم بەرپرسی لقی کەرکووکی پارتی کارتۆنی دەباتە موسڵ

کەرکووك٢٦-٣-٢٠٠٣\لە کۆتایی هەفتەی رابردوودا رژێم (شێخ نەسرەدین)ی بەرپرسی لقی کەرکووکی حیزبی کارتۆنی پارتی دیموکراتی کوردستانی لە گەڵ ژمارەیەك چەکداردا گواستەوە شاری موسڵ و بە ناو گەڕەکی (الجزائر)دا بلاۆیکردوونەوە.

# رژێم چوار بەرپرسی هەردوو حیزبە کوردییە کارتۆنییەکەی دەستگیردەکات

مەخموور٢٦-٣-٢٠٠٣\دوای ئەوەی رژێمی داگیرکەری عێراقی هەردوو حیزبی کارتۆنی (پارتی دیموکرات و پارتی شۆڕشگێڕانی کوردستان)ی ئاگادارکردەوە کە بە زووترین کات چەکدار کۆبکەنەوە بۆ بەشداریکردن لە شەڕ,و بە هۆی ئەوەی کە بەرپرسانی ئەو دوو حیزبە کارتۆنییە نەیانتوانی چەکدار کۆبکەنەوە دائیرەی ئەمنی مەخموور چوار بەرپرسی ئەو دوو حیزبەی دەستگیرکرد:

www.kurdistannet.org

١-هەمزە محەممەد شەریف-بەرپرسی لقی هەولێری حیزبی کارتۆنی پارتی دیموکرات
٢-شێرزاد کاکۆ حوسێن-بەرپرسی ناوچەی مەخمووری حیزبی کارتۆنی پارتی دیموکرات
٣-خدر مەولود-بەرپرسی ناوچەی قەراجی حیزبی کارتۆنی پارتی شۆڕشگێڕان
٤-مەسعود عیزەدین-بەرپرسی ناوچەی هەولێری حیزبی کارتۆنی پارتی شۆڕشگێڕان

# فڕۆکەکانی هاوپەیمانان دوو تۆپخانەی ڕژێمی عێراقی لە دەشتی هەولێر تێکدەشکێنن

هەولێر٢٦-٣-٢٠٠٣\لە ئەنجامی هێرشی ئاسمانی کاتژمێر هەشتو نیوی سەرلەبەیانی ئەمڕۆی فڕۆکەکانی ئەمریکا و بەریتانیا بۆ پێگەکانی ڕژێم لە هێلی تەماس لە گەڵ هێزەکانی پێشمەرگەدا کەتیبەیەکی تۆپی ڕژێم لە گردی سەعداوە بە تەواوی تێکشکێندرا.
هەروەها کەتیبەیەکی تۆپی (٥٧ملم)ی ڕژێم لە گوندی (جدیدە)ی دەشتی هەولێر لە ئەنجامی بۆردوومانی کاتژمێر یانزەو ٤٥ دەقیقەی شەوی ٢٤ لەسەر ٢٥-٣ بە تەواوی تێکشکا,کە لە ١٨ تۆپ پێکهاتبوو کە هەر یەکەیان ئۆتۆمبیلێکی جۆری ئۆرالی لە گەڵدابوو و هەریەکەشیان ٦ سەربازی لەسەربوو.

# تۆپەکانی دەوروبەری سایلۆی مەخموور چیای قەرچووغ تۆپباران دەکەن

مەخموور٢٦-٣-٢٠٠٣\ڕژێمی داگیرکەری عێراقی ژمارەیەك تۆپی جۆری (١٠٦ملم و ١٢٠ملم)ی لە دەوروبەری سایلۆی مەخموور داناوە,هەر بەو تۆپانەش ڕۆژی ٢٤-٣-٢٠٠٣ چیای قەرچووغی تۆپبارانکرد.
لەلایەکی دیکەوە بۆ ڕێگرتن لە ڕاپەڕینی جەماوەریی کورد ,ڕەفیق بەعسییەکان زۆر بەوردی چاودێری دانیشتوانی کورد دەکەن و, شەوانەش دوای کاتژمێر ٨ نابێ کەس لە ماڵی خۆی دەربکەوێ.

# جاشە کوردەکان لەلایەن ڕژێمەوە چەك دەکرێن

بە پێی ئەو هەواڵانەی لە نێو شاری موسڵ ومەخموورەوە بەدەستمان گەیشتوون ڕژێم جاشە کوردەکانی فەوجە خەفیفەکانی چەك کردووە , ئەوەش لەترسی ئەوەی نەوەك وەك کاتی ڕاپەڕینی ١٩٩١ ببنە پشتیوانی ڕاپەڕینی جەماوەری خەڵکی کوردستان دژی ڕژێم.

www.kurdistannet.org

# راكردنی عەرەبە داگیركەرەكان بەردەوامە

مەخموور٢٦-٣-٢٠٠٣\لە درێژەی بەجێهێشتن و هەڵاتنی عەرەبە داگیركەرەكان لە گوند و شوێنە كوردییەكان,لە ماوەی هەفتەی رابردوودا ژمارەیەكی زۆر لەو عەرەبانەی كە چەندین ساڵە گوندو زەوی و زاری كوردیان لە دەڤەری مەخموور داگیركردووە,گوندەكانی :(كاریتان,سۆفی سمایل,دێمەكار,بیرەبات,سەربەشاخ,خدرجیجە,دارەخورما,جیخلۆك,حەسەن بلباس)یان بەجێهێشتووە.

## هوشیار زێباری:

# وەزارەتی بەرگری عێراقی تاماوەیەك تەسلیمی عێراقیەكان ناكرێ

## حكوومەتی كوردستان لە ماوەی ئینتیقالیدا دەمێنێتەوەو كاری خۆی دەكات

سەلاحەددین٢٣-٣-٢٠٠٣\بەڕێز هوشیار زێباری بەرپرسی نووسینگەی پەیوەندییەكانی دەرەوەی پارتی دیموكراتی كوردستان لە كۆنگرەیەكی رۆژنامەڤانیدا لەگەڵ دەزگا و كەناڵە راگەیاندنەكانی ناوخۆی كوردستاندا,باسی لە زۆر مەسەلەی گەرمی ئەمرۆ و ئایندەیی كوردستان كرد.
هوشیار زێباری لەبەشێكی قسە و بەرسڤەكانیدا باسی لە دەسەڵاتی داهاتووی عێراق كرد و گوتی :گومان لەوەدا نییە كە ئەمریكییەكان یەكسەر ناگەڕینەوەو عێراق بە جێناهێڵن,بەڵام كاربەدەستە ئەمریكییەكان رایانگەیاندووە كە ئەوان پێیا نخۆشە دوای سەقامگیربوونی باردوۆخی عێراق رۆژێك زووتر عێراق بەجێبێڵن.هەروەها زێباری گوتی :ئەمریكییەكان وازییان لە بیرۆكەی دانانی حاكمی سەربازی بۆ عێراق هێناوەو ئەو ددەستە سەرۆكایەتییەی ئۆپۆزسیۆنی عێراقی و لیژنەكانی دەبێتە بنچینەی دەسەڵاتی ئینتیقالی دوای رووخانی رژێمی سەددام.بەڵام هەروەك ئەمریكییەكان گوتویانە وەزارەتی بەرگری یەكسەر نادەنەوە دەست عێراقییەكان لەبەر مەسەسەلەی پیشەسازی سەربازی( تصنیع عسكری) و چەكە كۆكوژەكانی عێراق .هەروها ئەوەشی راگەیاند كە لە ماوەی دەسەڵاتی ئینتیقالیدا حكومەتی كوردستان وادامودەزگا ئیدارییەكانی دەمێننەوەو كاری خۆیان دەكەن.
سەبارەت بە دەستەی سەرۆكایەتی ئۆپۆزسیۆنی عێرقیش گوتی:عەدنان پاچەچی ئەندامێتی دەستەی سەرۆكایەتی قبووڵ نەكردووە ,بەڵام ئەیاد عەلاوی رازییووە.هەروەها گوتی لەونەیە دەستەكە لە ٦ كەسەوە زیاد بكرێ بۆ ٩ یان ١٢ كەس.

www.kurdistannet.org

# KNCژمارەیەك چالاكی لە لەندەن ئەنجامدەدات




لەندەن۲۱-۳-۲۰۰۳\کۆنگرەی نیشتیمانی کوردستان KNC رۆژی نەورۆز ( ۲۱-۳-۲۰۰۳)رێپێوانێکی جەماوەری لە ژێر دروشمی :(سەربەخۆیی بۆ کوردستان, و دژی هاتنی لەشکری تورکیا بۆ باشووری کوردستان)لە بەردەم باڵوێزخانەی ئەمریکا لە لەندەن سازکرد و خۆنیشاندانەکە لە کاتژمێر ۱۲ تاوەکو ۳ ی پاشنیوەڕۆ بەردەوامبوو.

لە رۆژی ۷-۳-۲۰۰۳ خۆنیشاندانێکی دیکەی جەماوەری لەلایەنKNC یەوە دژی لەشکرکێشی تورکیا بۆ بەردەم باڵوێزخانەی ئەمریکا لە لەندەن سازکرا,لەلایەن بەڕێز (جەواد مەلا )ی سەرۆکیKNC یادداشتنامەیەکی دە لاپەڕەیی بۆسەرۆکی ئەمریکا درایە دەست باڵوێزی ئەمریکا.

هەروەها رۆژی ۱۵-۳-۲۰۰۳ ئاهەنگی جەژنی نەورۆزی بە ئامادەبوونی سەدان کەس سازکرد,کەتیایدا وێڕای چەندین کەسایەتی کوردی,(غەسان کەریان)ی فەرمانداری ناوچەی هامرسمێس و (کلایف سولی)ی ئەندامی پەرلەمانی بەریتانیا قسەیان کردوو داوایان لە زلهێزەکانی جیهانکرد کە پشتیوانی دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان بکەن.

هەروەها رۆژی ۱٦-۳-۲۰۰۳ لەیادی سالیادی کیمیابارانی هەڵەبجەدا بەڕێز جەواد مەلا پێشڕەوی رێپێوانێکی رەڤەندی کوردیی کرد بۆ بەردەم پەرلەمان و بارەگای سەرۆك وەزیرانی بەریتانیا.شایانی باسە ۸۰ ژن و ۳۰ پیاوی کورد بەشدارییان لەو رێپێوانەدا کرد.